## "بەیانیەی راڤەکاری، زیاتر لە پێنج سەد کەس لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و خوێندکاری ئێران"

# ناسیۆنالیزمی پاوانخواز بە دەمامکی دێمۆکراسییەوە

رێبوار تاجگردوون

و/جوامێر مارابی

- **ئەم راگەیاندنە نیشانەی ناهومێدی و بێئاسۆییە بەرامبەر بە رەوتی رێفۆرمخوازی دەوڵەتی و نیشانەی ترس لە بە هێزبوونی دووبارەی باڵی پاوانخوازی رژیم و دەست نیشان کردنی رێگە چارەی سێهەمە بۆ دەرباز بوون لەم هەل و مەرجە.**

ئەم نووسراوەیە: راگەیاندنێك دەداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە لە ژێر ناوی "بەیانیەی راڤەکاری زیاتر لە پێنج سەد کەس لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و خوێندکاری ئێران، کە توانی رای موافق و نەیاری بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بڵاو بووەوە و لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە لێیدەکۆڵێتەوە. ئەم راگەیاندنە خاوەن کەم و کورتی و ناڕۆشنی زۆرە و گەلاڵەی پێشنیارکراوی رێفراندۆمێك وەبیر دێنێتەوە کە ماوەیەك لەوە پێش لە لایەن کەسانێکی ترەوە هاتە ئاراوە و بە هۆی ئەوە کە خاوەن کەم و کوڕی بوو نەیتوانی سەمپاتی جەماوەرێکی بەرچاو بۆ لای خۆی راکێشێ.

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم راگەیاندنە نیشانەی ناهومێدی و بێ ئاسۆییە بەرامبەر بە رەوتی رێفۆرمخوازی دەوڵەتی و نیشانەی ترس لە بە هێزبوونی دووبارەی باڵی پاوانخوازی رژیم و دەست نیشان کردنی رێگە چارەی سێهەمە بۆ دەرباز بوون لەم هەل و مەرجە. بۆ روون بوونەوەی زیاتری ئەم خاڵە ئاماژەیەك دەکەین بە دوو بەش لەم راگەیاندنە: "ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە دەسەڵاتی داسەپاو بە هۆی بێتوانایی لە ئاستی نناسین و بەرگری لە بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵات لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا و بێتوانایی و دەستەوەستان لە چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکانی ناوەوە، مەشرووعیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتی نییە".

لە شوێنێکیتری ئەو بەیانیەدا هاتووە: "ئەزموونی هەشت ساڵ دوای جۆزەردانی ١٣٧٦ نیشانی داوە کە بەم شێوەیە، چاکسازی دڵخوازی خەڵك بەدی نایەت."

هەر بەو جۆرە کە ئاماژەم پێکرد ئەم راگەیاندنە هیوابڕاوی لە هەر دوو باڵی ناوەدەسەڵاتی رژیم دەردەخات و بە شێوەیەکی شاراوە هاتنە ئارای رێگەچارەی سێهەمە. بەڵام با بزانین رێگەچارە یان رەوتی سێهەم، چ رەوتێکە؟ ئایا ئەم رەوتە دەتوانێت ببێتە بەدیلێکی گونجاو بۆ داهاتووی سیاسی ئێران؟ بەر لە وەڵام دانەوە بە پرسیارەکانی سەرەوە، دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکرێت کە وێناکردنی هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زاڵ بە سەر ئێران لەو بەیانیەیەدا راستن و ئەو گیر و گرفت و نەهامەتیانە کە داوێن گیری کۆمەڵگای ئێران بووە بە باشی ئاماژەی پێکراوە. بەڵام با بزانین کە ئەو گیر وگرفتانە کە ئاوا بە رواڵەت ئاماژەی پێکراوە، چۆن سەری هەڵداوە و چۆن لەناو دەچن؟ خاڵی جێی سرنج لەم بەیانیەیەدا ئەوەیە کە هەوڵ دراوە هەستی پاوانخوازی لە لای بەردەنگ دروست ببێت

که به رای من به شێوەیەکی شاراوە ئاماژەیەکە بە ڕێگەچارەی سێهەم و وەکوو ڕێگەی دەرباز بوون لە هەل و مەرجی ئێستا لە بەرچاو گیراوە.

لەمبارەیەوە هاتووە: "بایەخ نەدان بە مێژوو، فەرهەنگ، شارستانیەتی ئێران و ئاسەوار و شانازی نەتەوەیی، زیاتر لە چارەکە سەردەیەکە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بە تایبەت لاوانی لە عیشق و خۆشەویستی بۆ ژینگەی سروشتی و بەرهەمەکانی وڵات دوور خستۆتەوە و ناهۆمێدی کردوون و تووشی بێ‌ئاسۆیی کردوون و…"

بە لە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی سیاسی زاڵ لە ئێران، زمانی ئەم بەیانیەیە زمانێکی نەناسراو (نامۆ)ە، کە جگە لە رەوتی ناسیونالیزمی پاوانخواز لە کەسی‌تر چاوەڕوان ناکرێت. زمانێك کە دیسان هاواری بۆچوون و روانگەی شوینیستی و ناسیونالیزمی پێوە دیارە و پێویستە لە لایەن رەوتە سیاسییەکانەوە بە وردی هەلسووکەوتی لەگەڵ بکرێت. هەرچەند ئەم روانگەیە لە دەورانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی‌دا هەبووە و لە ژێر ناوی مەزهەب و ئەندێشەی ئیسلامیدا خۆی شاردۆتەوە و ئاوا بە روونی خۆی دەر نەخستووە. شتی سرنج راکێش لێرە ئەوەیە کە ئەم بەیانیەیە دەیهەوێ بیسەلمێنێ کە هەل و مەرجی قەیراناوی ئێستای دەسەڵات لە ئێران، ئاکامی بایەخ نەدان بە فەرهەنگی نەتەوەیی و دوورکەوتنە لە ئەندێشەی "گەورەیی مێژوو و ئەندێشەی ئێرانی"یە. هەرچەند کە لەو بەیانیەدا بە رواڵەت و بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە کراوە بە دێمۆکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە بەیانیەیەدا چەند خاڵی جێگای بایەخ وەك: "هەڕەشەی ناسنامەی مێژوویی" و "سەربەخۆیی خاك و بەرژەوەندی میللی" ناوەرۆکی بەیانیەکە بەرەو ئاراستەیەکی‌تر دەبات. پێداگری بەردەوام لە سەر ناسنامەی ئێرانی و بنەماڵەی رەسەنی ئێرانی و… هێنانە ئارای بۆچوونێکە کە زیاتر لە کۆماری ئیسلامی بۆ دێمۆکراسی و ئازادی و مافی میللەتان مەترسی هەیە. با ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە تەنیا رەخنەگرتن لە دیکتاتۆریەتی زاڵی کۆماری ئیسلامی، بە مانای پێشکەوتنخوازی و بەرگری لە ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دێمۆکراسی نییە. دژایەتی کردنی تەنیا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە مانای دێمۆکرات بوون نییە. گرنگترین خاڵی نارۆشن و جێگای سرنجی ئەم راگەیاندنە هەر ئەوەیە، ئاماژەیەکی گشتی و ناڕوون بە مافی شارۆمەندی و مافی مرۆڤ و… کە گوایا بڕیارە یاسای بنەڕەتی و پێکهاتەی داهاتووی ئێران، دەبێ لە سەری بنیاد بنرێت.

"ئێمە کە ئەو راگەیاندنەمان ئیمزا کردووە، دەرفەت و رێگە چارەی راستی، داننان بە خواست و رای جەماوەر دەزانین و داواکارین کە پێکهاتەی دەسەڵات و دەوڵەت، بەڕێوە بردنی وڵات و پەیوەندی دەرەکی … بە پێی راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی دوولایەنی پەیوەست بوون و "مەنشووری" نەتەوەیەکگرتووەکان و بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی میللی گەڵاڵە بکرێت …"

پێویست بە وتن ناکات کە ئاماژەیەکی ئاوا گشتی و باس کردن لە چەمکی "پاراستنی بەرژەوەندی میللی" رێگەی رەخنە بۆ دیکتاتۆرەکان و پاوانخوازان دەهێڵێتەوە. بۆچی مەبەست لە مافەکانی مرۆڤ لێرەدا راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤە؟ یان خوێندنەوەیەکی‌تر و لێکدانەوەیەکی‌تر مەبەستە؟ مەگەر کەمن ئەو رژیمە دیکتاتۆرانە کە بە شێوەی مەرجدار و ناڕۆشن دانیان بەو پەیماننامانەدا ناوە و ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان؟ ئایا تەنیا ئاماژە کردن بە مافی شارۆمەندی لەم بەیانیەیەدا، پشت گوێ خستنی مافی نەتەوەکانی‌تری ئێران بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان نییە؟ ئایا ناو بردنی نەتەوەکانی‌تری ئێران بە هۆز و قەوم، بە مانای پێشێل کردنی مافی ئەوان نییە؟

"… لە بەرچاو نەگرتنی مافی بەرابەری شارۆمەندنی بۆ سەرجەم ژنان و پیاوان، بیرۆکەیەکی نگەتیڤ لە ناو بەشێك لە هاووڵاتیانی زەحمەتکێش(!) سەربە تیرە و قەومە جۆراجۆرەکانی ئێران دروست کردووە ،… ئەمە دیاردەیەکی مەترسیدارە و هاوبەستەگی میللی و یەکێتی وڵاتی خستۆتە مەترسیەوە." خاڵی جێگای سرنج لەم روانگە پاوانخوانە میللی‌دا و پێداگری لە سەر ناسنامەی ئێرانی تێکەڵ کردنی لەگەڵ چەمکی مافەکانی مرۆڤ و دێمۆکراسی ناتوانێت ئاکامێك جگە لەمەی بە دواوە بێت. پێداگری کردن لە سەر ناسنامەی ئێرانی بەم شێوەیە، ئایا جگە لە زیاد کردنی دەسەڵاتی میللەتی بان دەست و دەسەڵاتدار مانایەکی‌تری هەیە؟

لێرەوە دەتوانین هۆکارێکی‌تر بۆ ئەم جۆرە ناڕۆشنیانە لەم بەیانیەیەدا بدۆزینەوە، ئەویش دان نەنان بە مافی نەتەوەکانی‌تر لە روانگەی داگیرکاری و پاوانخوازی ئەم بەیانیەیەدا.

نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە یەکێك لە باسەکان و کێشمەکێشەکانی بواری سیاسی ئێستا و داهاتووی ئێران، مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانە. هەر رەوت و رێکخراوێکی سیاسی کە بیهەوێت چالاکی سیاسی هەبێت، ناتوانێت بە بێ هەڵوێستی شەفاف و روون لە حاست ئەو مافانەدا درێژە بە کاری خۆی بدات بە هۆز و قەوم ناوبردنی نەتەوەکانی‌تری ئێران و ئاماژە کردن بە پاراستنی سەربەخۆیی خاکی ئێران و ئاسایشی میللی، ئاماژەیەکە بە ترس و دڵەراوکێی ئەوان لە حاست مافی ئەو نەتەوانە. لە روانگەی شوینیستی ئەوانەوە، ئاماژە کردن و داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەکانی‌تر مەترسی لەت لەت بوونی ئێرانی بە دواوەیە. ئەمانە هەر ئەو هۆکارانەن کە دەسەڵاتدارانی پاوانخواز وەکوو هۆکارێك بۆ سەرکوتی مافی نەتەوە بن دەستەکان بە کاریان هێناوە. خاڵێکی‌تر کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە کە بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بەیانیەیە نیشانەی دابڕان لە هەر دوو رەوتی سەرەکی ناودەسەڵاتە، هیچ بەدیلێکی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران دەست نیشان نەکردووە. بۆ وێنە ئاماژە نەکراوە بە چ شێوەیەکی (شۆڕش، چاکسازی یان دەست تێوەردانی دەرەکی) ئەو ئامانجانە مسۆگەر دەبێت؟ دەور نەقشی ئۆپۆزیسیون و هێزی جەماوەر لەم ئاڵووگۆڕانەدا چۆن دەبێت و چ کێش و سەنگێکیان دەبێت؟ و زۆر شتی‌تر.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە بە لەبەر چاوگرتنی روانگەی ناسیونالیزمی پاوانخواز و نارۆشنییەکانی لەم بەیانیەیەدا، ناتوانرێت وەکوو بەیانیەیەکی دژی دیکتاتۆریەت و لایەنگری لە دێمۆکراسی بناسرێت. بەم پێیە، ئەم راگەیاندنە جگە لە پەرەدان بە نارۆشنی زیاتر، ناتوانێت سەمپاتی رەوتە ئازادیخواز و یەکسانیخواز و ئەو رەوتانە کە دێمۆکراسی و مافی نەتەوەکانی‌تری ئێرانیان بەلاوە گرنگە و هەوڵی بۆ دەدەن، بۆ لای خۆی رابکێشت. داڕێژەرانی ئەم بەیانیەیە دەبێ بیزانن کە بە بێ هەڵوێستی شەفاف ناتوانن لە بواری سیاسییەوە دەسکەوتێکیان هەبێت. لە هەل و مەرجی ئێستادا بۆ یەکخستنی هێز و وزەی دێمۆکراسی خوازی لە کۆمەڵگا، دەبێ بە رۆشنی و بە وردی (نەك بە لێکدانەوەی لە روانگەیەکی تایبەتەوە)، گرنگیەکی زۆر بە دوو بنەمای سەرەکی، واتە دێمۆکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بدرێت و هەر ئاڵترناتیڤێك و بەدیلێك دوای کۆماری ئیسلامی نابێ لەمبارەوە نارۆشنیەك بهێڵێتەوە. بە بێ جێ بە جێ نەبوونی ئەم ئەرکە، دەبێ چاوەڕوانی پرژ و بلاوی ریزەکانی هێزی دێمۆکرات و ئازادیخواز بین.

***




شایانی باسە بەرنامەکانی بەشی فارسی رادیۆ کۆمەڵە هەمووشەوێك پاش بلاو بوونەوەی بەرنامەکانی بەشی کوردی دەنگی کۆمەڵە بلاودەبێتەوە و هەروەها بەرنامەکانی بەشی هەورامی رۆژانی شەممە، سێشەممە و پێنج شەممە دوای بلاوبوونەوەی بەرنامەکانی بەشی کوردی بلاو دەبێتەوە.